# ئەو ژنەی مێردە ناپاکەکەی ئاشکراکرد

ئا: ئاشتی عەبدوڵا

جوانە لەگەڵ مێردەکەیدا مشتومڕیان دەست پێکرد، دواجار مێردەکەی پێی وت: بەڵێ ژن دەهێنمەوە و ژن ژنی نەخواردووە، تۆ لێرە و ئەویش لەماڵی خۆی. جوانە وتی: سەرەتا من تەڵاق بدە و با جیاببینەوە، ئیتر چی دەکەیت بیکە، ئەی بێوەفای خۆویست، من هەر زوو وتم ئەو نازەنینە کچێکی تەفرەدەرە و تۆش بەگاڵتە نەتکردووە بەسکرتێری خۆت.

پاش مشتومڕ و دەنگە دەنگ، جوانە ماڵی بۆ جێهێشت و ڕۆیشت، کاردۆخ خوشکەکەی هێنایە ماڵی خۆیان بۆ ئاگاداربوون لەمنداڵەکانی، خوشکەکەی لەو بارەیەوە زۆر شتی بۆ کاردۆخ باسکرد و دواجار لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە جوانە بهێننەوە بۆ ماڵەوە و بەڵێنی پێ بدات ئەو کچە نەهێنێتەوە، جوانە پاش ئاگادارکردنەوەی کەسوکارەکەی هەردوو لایان، پێشنیاری کرد نازەنین لەکۆمپانیاکە دەربکات ئەگەر نا ناگەڕێتەوە بۆ لای و جیابوونەوەیان باشترین ڕێگەچارەیە. نازەنین دەرکرا و جوانە ئارام بۆوە، بەڵام لەناوەوەیدا هێشتاکە گومانی نەڕەویبۆوە و هەمیشە عوسمانی کارمەندی بانگ دەکرد و بەتەلەفۆن ئاگاداری دەکردەوە کە دوای مێردەکەی بکەوێ و بۆ کوێ دەڕوات پێی بڵێ.

دوای ماوەیەك کاردۆخ دەستی عوسمانی کەشف کرد و لەکارەکەی دوورخستەوە، هەرچەندە جوانە زۆر هەوڵی گەڕاندنەوەی دا، بەڵام بێسوود بوو.

نازەنین لەماڵەکەی خۆی کاردۆخی لەجاران زیاتر دەبینی و هەردووکیان ناپاکیان لەهاوسەرەکانیان دەکرد، مووچەی خۆی وەردەگرت و هەندێ جاریش بڕە پارەیەك بەناوی دەست و دیارییەوە، جوانە ماوەیەك پارەی دەدایە عوسمان تاوەکو لەچاودێریکردن بەردەوام بێت.

عوسمان بەتەلەفۆن بەجوانەی وت: کاك کاردۆخ چووە ماڵی نازەنین و کاتێك ڕۆیشت لەدراوسێیەکیانم پرسی، پێیان وتم نازەنین مێردی هەیە. جوانە لەنزیکەوە عوسمانی بینی و وتی: کەواتە هێناویەتی؟! عوسمان وتی: نا، ئەو مێردی خۆی هەیە و ناپاکیی لێدەکات.

دواتر ناوی مێردەکەی نازەنین و شوێنی دوکانەکەی پیشانی جوانە دا و ئەویش چوو بۆ لای، هەموو شتێکی بۆ باسکرد و هەردووکیان وەك تەفرەدراوێك قسەیان بۆ یەکتری کرد، مێردەکەی نازەنین تەواو حەپەسا و وازی لەدوکان و حاڵی خۆی هێنا و کەوتە چاودێریکردنی ماڵەکەی خۆی. کاردۆخ ئاگادار بوو ژنەکەی چووەتە لای مێردەکەی نازەنین و بۆ ئەو مەبەستە بەهیچ شێوەیەك نەدەچووە ماڵی نازەنین، دواجار نە جوانە، نە مێردەکەی نازەنینیش نەگەیشتنە هیچ بەڵگەیەك، ئیتر جوانە کەوتە گومانەوە لەعوسمان و وای بەخەیاڵدا دەهات درۆ هەڵدەبەستێ تاوەکو ماڵوێرانیان بکات.

کاردۆخ لەبری ئەوەی بچێتە ماڵی نازەنین، ناوبەناو نازەنینی دەهێنایەوە ماڵەکەی خۆیان لەو کاتانەدا کە جوانە دەچووە وەرزشی ڕۆژانەی، ماوەیەك هیچ بۆ جوانە ڕوون نەبۆوە، بەڵام ئەوەی چاوەڕێی نەدەکرد ئەوەبوو ڕۆژێك کاردۆخی بینی لەگەڵ کچێکی تردا، بەئۆتۆمبێلەکەی دوایان کەوت و بینی دەچنە ماڵی کچەکە، لەدەرگای دا و ڕووبەڕووی کاردۆخ بۆوە، کاردۆخ خۆی تێك نەدا و ئەوەی پێ ڕاگەیاند کە ئەو کچە ئێستا لەلای ئەو کار دەکات و ماڵەکەش چۆڵ نییە وەك لێی تێگەیشتووە و ئەندامانی خێزانەکەش بەخێرهاتنیان کردن و ماوەیەك کاردۆخ هیچ قسەی لەگەڵ جوانەدا نەکرد و خۆی لێ زویر کرد، دواتر جوانە ئاشتیکردەوە و لەناوەوەشیدا خەم و گومانی تا دەهات زۆرتر دەبوو.

ڕۆژێك نازەنین لەهەڵوێستێکی چاوەڕوان نەکراودا چووە ماڵی جوانە و هەموو پێوەندییەکی خۆی لەگەڵ کاردۆخدا بۆ باسکرد، پاشان ئەو کچەشی بەبیر هێنایەوە کە جوانە چووبووە ماڵیان، نازەنین پێی وت:

-ئێستا وازی لەمن هێناوە و دەیەوێت ئەو کچە بهێنێت، جوانە وتی: من ماڵیان دەزانم، ئەو کچە کێیە بابزانم؟! نازەنین وتی:

- ئێستا لای ئەو کار دەکات و سکرتێریەتی، ئەو کچە خوشکی منە و ئەو ماڵەش کە چوویت ماڵی باوکمە، بەڵێ حەزی لەخوشکەکەم کردووە و بۆ منیش وەفای نەبوو. جوانە هەموو قسەکانی نازەنینی تۆمار کردبوو و پاش ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مێردە ناپاکەکەیدا بڕیاری یەکجارەکی دا و لێی جیابۆوە، ئینجا ئەو تۆمارە دەنگییەشی بۆ مێردی نازەنین و ماڵی باوکی نازەنین و ماڵە خەزووری خۆشی لێدایەوە و هەموانی خستە دۆخێکی شپرزەوە کە کاردۆخ دروستکەری یەکەمینی بوو.



# پەتای ڕەتكردنەوەی هاوسەرگیریی

ڕۆژگارێك تێكەوتووین فۆرمی خێزان بەو شێوەیەی هەیە ناشیرینە لەبەرچاودا، ڕەوشی خێزانی بەو شێوەیەی دەبینرێت و دەبیسترێت دڵەڕاوكێ و بێئومێدی دەخولقێنێت، ژیانی خێزانی لای بەشێك لەوانەی لەدەرەوەی ژیانی هاوسەریدان بۆتە ئەو كابوسەی كەهیوای بۆ ناخوازرێت لەخەونیشدا تووشی ببن. جاران كوڕان بریسكەی سمێڵیان دەهات بەباسوخواسی ژنهێنان، كچان لەچاوەڕوانی شاسواری خەونەكانیاندا ڕۆژ و شەوەكانی تەمەنیان بەڕێدەكرد، كەچی لەم ڕۆژگارەدا لای بەشێك لەگەنجان بەباسكردنی چوونە ناو ژیانی هاوسەری موچڕكە بەدەروون و جەستەیاندا دێت. گەنجی ئێستا كاتێك لەڕەوشی خێزانی خێزاندارەكان لەدەوروبەری خۆیدا دەڕوانێت نموونەی زۆر ناشیرین دەبینێت، كێشە و ئاژاوەی خێزانی، بێ متمانەیی، ناپاكیی هاوسەریی، بێڕێزی، بێوەفایی بەرامبەر بەڵێنەكان، تۆران، دەستێوەردانی كۆمەڵایەتی، ململانێ لەگەڵ ماڵە خەزور، جیابوونەوە و ڕەنج بەباچوون و...تاد

ئەم نموونانە نەك هەر هاندەر نابن بۆ گەنجان تاچوونە ژیانی هاوسەریی بكەنە پرۆژە و خەون و كار بۆ هێنانە دی بكەن، بەڵكو بەئەندازەیەك ڕۆحیان دەتۆرێنێت لەپرۆسەی هاوسەرگیری كە هەر بیری لێنەكەنەوە. (شوو بكەم بەدەردی فلانی هاوڕێ و فیساری خوشكم و ئەوی تری خزمم بچم؟ جاتوخوا ئەم ژیانە ڕەبەنییەی ئێستام باشتر نیە لەو دۆزەخە؟). ئەمە وەڵامی بەشێك لەكچانی كۆمەڵگەی ئێمەیە لەئێستادا بەرامبەر پرسی هاوسەرگیری. كوڕە نائومێدەكانیش بەرامبەر هەمان پرس بەم جۆرە ڕای خۆیان دەردەبڕن (بەقوربانە وازم لێبێنن سەرم ڕەحەت و سەحەتە ئێستا، كاكم و هاوڕێكانم زۆریان هەڵتڕاندووە لەژیانی خێزانی تامنیش خۆم بەودەردەبەرم).

چەند ڕۆژێك بەر لەئێستا ئامادەی دیالۆگێك بووم لەنێوان كچێك (تەمەنی چل ساڵی تێپەڕاندووە، دەرچووی زانكۆ) و ئافرەتێك (نزیكەی پانزە ساڵە لەژیانی هاوسەریدایە و دایكی دوو مندالە، دەرچووی زانكۆ)، ئافرەتەكە هێندە سكاڵا و بێزاری خۆی دەردەبڕی لەدەست مێرد و پەیوەستییەكانی ژیانی هاوسەریی، مرۆڤ خۆزگەی بەو ڕەوشە نەدەخواست، ناوبەناو بەكچەكەی دەگوت خۆزگەم بەخۆت (خۆت ... نەكەیت، بەخوا ژیان هەرئەوەندەی خۆشە كە ڕەبەنیت)، پاش مشتومڕێكی زۆر لەنێوانیاندا كۆتایی دیالۆگەكە ئەو هەستەی بەرجەستە كرد لەلایان كەكچەكە براوەیە لەژیاندا چونكە ڕەبەنە، ئافرەتەكەش دۆڕاوە چونكە هاوسەرداره.

ڕەوشی خێزان بەم جۆرەی كەئێستا هەیە هەڕەشەیەكی جدییە لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتی و دەروونی كۆمەڵگە چونكە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فۆرمی خێزان ناشیرینتر دەكات و خواست لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری كەمتر دەكاتەوە، ئەگەر خواستیشی لەسەر بێت لەلای بەشێك ئەوا ئەو هەستە دروست دەكات كەپرۆسەی هاوسەرگیری ئەزموونێكی تاڵە، كەواتە پێشوەخت خولقێنەری ئامادەگییەكی دەروونییە كەبەگوێدا دەدات (تۆ دەچیتە ژیانێكی نوێوە كەئاییندەت ڕوون نییە تیایدا، تۆ بەرەو ململانێیەكی بەردەوام هەنگاو دەنێیت كەڕۆحت ئەكرۆژێت، تۆ چێژەكانی ژیانت بەرەو كەمبوونەوە دەبەیت). ئەم ئامادەگییە دەروونییە هەرزوو گەنجان ئامادە دەكات كەوا هەست بكەن دەچنە شەڕەوە، شەڕ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، لەگەڵ ماڵە خەزوور، لەگەڵ مافەكانی هەردوولا، لەگەڵ باڵادەستبوونی بەرامبەر، لەگەڵ سەپاندنی مەرجەكانی بەرامبەر).


كێ بەر لەهاوسەرگیری لەدووی خاڵە ئەرێنی و شیرینەكانی ژیانی هاوسەریدا دەگەڕێت؟، كێ قسە لەسەر ئاسوودەبوونی ڕۆح و جێگیربوونی باری سۆزداریدا دەكات؟، ئاخر كە مێشك ئەو ئیعازە ببەخشێت كەتۆ بەرەو شەڕ دەڕۆیت ئیدی تۆ چۆن بیر لەجوانی و هێمنی و ئاسوودەیی دەكەیتەوە؟، چونكە ئاشكرایە لەشەڕدا جوانی نابینرێتەوە.

كەواتە دەكرێت بڵێین ڕەوشی خێزانی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی ئێمە لەقەیراندایە، قەیرانێك كەكەس پرۆژەی پێ نییە بۆ چارەسەر كردنی.

لەهەموو دنیادا كاتێك لایەنێكی ژیانی كۆمەڵگە دووچاری قەیران دێت دەسەڵاتی وڵات بانگهێشتی پسپۆران و بیرمەندان و ڕۆشنبیران دەكات كە توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن و پرۆژە پێشكەش بكەن بەمەبەستی ئاستدانان بۆ قەیرانەكە یاخود چارەسەركردنی. پرۆژە ئامادە دەكرێت و گفتوگۆی لەسەر دەكرێت و بڕیاری پێویست و گونجاوی لەبارەوە دەدرێت، دەبێتە كارنامەی حكومەت، بودجەی بۆ تەرخان دەكرێت. بەڵام مەخابن لەكۆمەڵگەی ئێمەدا تائێستا بەمجۆرە كارنەكراوە. بەڕاشكاوی دەڵێم ڕەوشی خێزان لەئێستادا زەنگێكی مەترسیدارە كەئاماژە بۆ ئاییندەیەكی نەخواستراو دەكات كە پڕی دەبێت لە لادان و نەخۆشییە دەروونی و كۆمەڵایەتییەكان، ئاییندەیەك كە پایە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگەی كوردی بەرەو درز بردن و پاشان داڕمان دەبات. دەبێت كەس هەبێت لەڕەوشێكی لەوجۆرە سوود ببینێت؟

ڕەتكردنەوەی چوونە ناو ژیانی هاوسەرگیری پەتایەكی دەروونی و كۆمەڵایەتییە، كەزیانەكانی لەزیانی ئەنفلۆنزای باڵندە و بەراز زیاترە، ئەگەر ئەم جۆرانەی ئەنفلۆنزا تاكە تاكە مرۆڤەكان دەكوژێت، ئەوا پەتای ڕەتكردنەوەی هاوسەرگیری كۆمەڵگەیەك بەرەو داڕمان دەبات و بنەما كۆمەڵایەتییەكانی لەبەریەك هەڵدەوەشێنێت، بەمانای وشە كۆمەڵگەیەكی نەخۆش بەرهەمدەهێنێت.

دوا وتەم دەڵێم، قەیرانی هۆشیاری گەنجانی ئێمە لەمەڕ مەسەلەی هاوسەرگیریی زۆر قوڵترە لە قەیرانی ئابوری پێویست بۆ پێكهێنانی ژیانی هاوسەرگیریی.







دەروونناس: سامان سیوەیلی

محەمەد ئەحمەد



زۆرن ئەو زاناو دەروونناسانەی کە پێناسی دڵپیسییان کردووەو پێوەی سەرقاڵبوون، هەیانە وتوویەتی: دڵپیسی دەشێ روو بدات لەنێوان دوو کەس چ لە خێزاندا بن چ لە قۆناغی دڵداری و دەزگیرانێتیدا بن، کە ئەگەر ئاسایی بوو نەگەیشتە حاڵەتی گومانکردن و بێباوەڕی و بێمتمانەیی، ئەگەر ماوەی هەفتە یان دوو هەفتەی خایاند، ئەوا دەکرێت بە دۆخ یان حاڵەتێکی سۆزداری و پاسەوانێتی پێوەندییەکی خۆشەویستی دابنرێت و رەنگە لەبەر جوانی و شۆخ و شەنگی کەسی بەرامبەر بێت. رەنگە لەبەر ترسی فەوتاندن و مەیسەر نەبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری بێت لەنێوان دوو دڵداردا، بەڵام هەیانە دەڵێت: دڵپیسی نەخۆشییە، چونکە گەیشتۆتە ئەو دۆخەی کە سنوورەکانەی ئەو چەمکانەی سەرەوەی تێپەڕاند (کە باسمانکردن)، بۆیە چووەتە قۆناغی نەخۆشیی دەروونییەوەو پێویستە کەسی دڵپیس سەردانی پزیشکی دەروونیی تایبەت بکات و دەرمانی چارەسەری وەربگرێت..

دڵپیسی دیاردەیەو لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەبووە، دیارە تاکی کوردیش لەم دیاردە نەگریسە بێبەش نەبووە، وا تێدەگەین کە ئەم دیاردەیە نەخۆشی بێت نەك دۆخ و حاڵەتێکی ئاسایی، چونکە کەسی دڵپیس گومان لە هەموو کەسێك و شتێکی دەوروبەری خۆی دەکات، جاروبار دەشێ کە هاوسەرێك پێکەنینی هاوسەرەکەی لەگەڵ بێگانەیەکدا قبوڵ نەبێت یان چوونە دەرەوەی بە تەنیای قبوڵ نەبێ، خۆڕازاندنەوەو خۆجوانکردنی ژنەکەی نیگەرانی بکات، بەڵام ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام نەبوو زوو هاتەوە دۆخی جاران و بە دیالۆگ کردنی نێوانیان دووبارە نەبۆوە ئەوا ئەم دڵپیسییە جۆرێکە لە غیرەی سروشتی و گوزارشتە لە خۆشەویستی، بەڵام دڵپیسی گوماناوی لە هەموو شتێکی هاوسەر ئەوا ئەمە نەخۆشییەو ماڵوێرانییە، چونکە متمانەو بڕوابوون بەیەکتر ناهێڵێ.

دڵپیسی نەخۆشییەکە کەسانی نارۆشنبیرو نەزان و نامەدەنی دووچاری ئەبنەوەو لە ناو ئەواندا تەشەنەی کردووە، چونکە کەللەڕەقن و گومان لە هەموو کەسێك دەکەن و خۆیان پیسن و داوێن پیسی دەکەن بۆیە وا دەزانن کە هاوسەرەکەشیان کە دەچێت بۆ بازاڕ یان بۆ دەوام، ئەوا داوێن پیسی دەکەن.

دڵپیسی شتێکی زۆر خراپەو گرێی دەروونییە، کە لە مرۆڤدا پەیدا دەبێ و چارەسەرکردنیشی کارێکی زۆر زەحمەتە بەتایبەت لەم رۆژگارەدا، چونکە کەس بڕوای بە کەس نەماوەو کاری لەشفرۆشی ژنانیش زۆر بەربڵاو بۆتەوەو بە ئاسانی بەهۆی مۆبایلەوە پەیوەندی دروست دەکرێ و کاری سێکسیش زۆر ئاسانترە وەك لە جاران، بەڵام ئەگەر مرۆڤ توانی هاوسەرێکی چاك و رێکوپێك بدۆزێتەوە ئەوا متمانەشیان بەیەکتر زیاتر دەبێ وریزو خۆشەویستی ئەگەر هەبوو، کاری خیانەتیش سەرهەڵنادات کەوا لە لایەکیان بکات، دڵپیس بێ. دڵپیسی دوو هۆکار دروستی دەکات، یەکەم نەبوونی متمانەو بڕوابەخۆبوون، دووەمیش، خۆشەویستی لەڕادەبەدەر کە ئەویش نەخۆشییەو وەسواسی و زێدەڕەویی و حەساسییەت دروست دەکات، بۆ وێنە کەسێك متمانەی بە خوشك یان ژنی خۆی نەبێت و ئینجا زۆریشی خۆش بوێت، غیرەی لێدەکات و ئەمەش پەرە ئەسێنێ تا دەبێتە دڵپیسی و ئیتر شەڕوشۆڕ لەسەر ژیانی یەکتر دروست ئەبێ، ئەو کەسەش کە متمانەی کەمە بێگومان گرێی دەروونی یان جۆرە نەخۆشییەکی دەروونی لەگەڵدایە، چونکە گومان لە هەڵسوکەوتی ئاسایی کەسی بەرامبەر دەکات. ئەمەش ترسناکەو رەنگە ئەنجامی خراپ و کارەساتی لێبکەوێتەوە، چونکە ڕەنگە مێردی دڵپیس ژنەکەی و کچی خۆی یان خوشکەکەی خۆی لەسەر دڵپیسی بکوژێت. دڵپیسی، نەخۆشییەو لەو کەسانەدا دروستدەبێ کە پەروەردەی خێزانیان ئاڵۆزو بێسەروبەر بووە، شەڕوشۆڕ هەبووەو متمانەو خۆشەویستی نێوان دایك و باوکەکە کەمبووە یان هەر نەبووە، نەزانی و نزمی ئاستی رۆشنبیری و هزری خێڵەکی هۆکارن بۆ ئەوەی کە تاکی



# دڵپیسی

## لەنێوان ژن و مێردا..

بێ متمانەو باوەڕ پەروەردە بکەن، بێ متمانەیی بەرامبەر بە رەگەزی دووەم، وا لە مرۆڤ دەکات کە بیر لە شتی وەهمی و خەیاڵێکی بێ بنەما بکاتەوە، مرۆڤی ئاست نزم و خێڵەکی راستی لێ ون بووەو بە چەواشەیی تەماشای دەوروبەری دەکات وبۆ وێنە کە ئافرەت چووە دەرەوەو ماکیاژی کرد وا دەزانێ خۆی بۆ کاری سێکسی و داوێن پیسی دەڕازێنێتەوە.

دڵپیسی دوو جۆرە، یەکێکیان ئەو حاڵەتەیە کە گومان لە کەسی بەرامبەر دەکرێت بەڵام بنەمای هەیەو هۆکارەکە ئاشکرایە، چونکە رەفتار یان قسە یان شتێك بینراوەو لەسەر بناغەیەك دڵپیسی لەکەسی نزیك یان خۆشەویست ئەکرێت و ئەمەش ناکرێت بە نەخۆشی ناو ببرێت، بەڵام ئەوەی کە ئەبێتە دیاردەیەکی ناوازە یان کەسەکە نەخۆشی پارانۆیای لەگەڵدایە کە رۆڵێکی گەورە ئەگێرێت و دڵپیس وا لێدەکات کە گومان لە هەموو شتێك بکات، بەبێ ئەوەی هیچ بنەمایەك لە ئارادا بێ، لە هەموو کەسێك یان رەفتارێك یان شتێکی نزیك بە ئەو گومان و شکی هەیە، وا ئەزانێ هەموو قسەو کردەوەیەك دژ بەو دەکرێ و ئاڕاستەی ئەو دەکرێت ئەمەش خەسڵەتی کەسایەتی نەخۆشی پارانۆیایە.

هەروەها لەو پرسەدا کە دەڵێت، ئایا دڵپیسی لای کامیان زۆرترە، لای مێرد یان ژن؟ هەندێك دەڵێن، لای مێردی کورد زۆرترە، چونکە ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە مێردسالارییەو مێرد خۆی بە ئاغای ژنەکەی و ماڵەکەی دەزانێ و دەیەوێت فەرمان دەرکات و لە هەموو رەفتارێکی ژنەکەی بپرسێتەوە. مێردی کورد زۆربەیان دڵیان لە ژنەکانیان پیسەو من هاوڕێکانم زۆربەیان بەدەست ئەو حاڵەتەوە ئەناڵێنن و هیچ چارەسەرێکیشیان نییە بە بەردەوامی شەڕیانەو هەندێکیان بە زۆرەملێ داوای تەڵاقیان کردووە. مێردان زۆرتر دڵیان پیسە، چونکە دەزانن کە ژنان زوو هەڵدەخەڵەتێن و کاری خراپەیان لەگەڵدا دەکرێت، مێردان سەرچاوەی دروستبوونی دیاردەی دڵپیسین و ژنانیشیان فێر کردووە و ناچارە دڵی لە مێردەکەی پیس بێت. هەندێکی دیکە دەڵێن، مێرد و ژن وەکو یەك هەن کە دڵپیس بن و رێژەکەیان لەیەکەوە نزیکە، هەروەها هەندێکیتر دەڵێن: ژنان زۆرتر دڵیان لە مێردەکەیان پیسە، چونکە حەز ناکەن ژنی دووەمیان بەسەر بێت، حەزیان لە خیانەت نییە، بەتایبەت لەو دۆخانەدا کە باری ئابووری مێردەکانیان باشەو قۆزو جوان و گەنجیشن. ژنی کوردیش لەبەرئەوەی زۆر چەوساونەتەوەو مەینەتی و دەردەسەریان چەشتووە متمانەو بڕوایان بە مێرد نەماوە، بۆیە ئەوان هەمیشە دڵیان لە مێردەکەیان پیسەو زۆرێك هەن دەڵێن، لەنێو ژنانی کوردا وا باوە کە زۆرینەیان دڵپیسن.

دواجار ئایا چارەسەری دڵپیسی چییە؟ بەڕای کۆمەڵناسان، پێویستە هەر لە سەرەتاوە هیچ لەو هاوسەرانە دڵپیسی لەیەکتر قبوڵ نەکەن، چونکە چارەسەری نییەو ژیان لە یەکتر دەکەن بە دۆزەخ، بگرە تەڵاق و قسەوقسەڵۆکی خەڵکی زۆر باشترە لەوەی لەگەڵ کەسی دڵپیس یان رەزیل و پیسکەدا ژیان بەریتەسەر. چارەسەریش ئەوەیە کە بڕواو متمانەی زۆرتریان بە یەکتر هەبێ، هیچ شتێك لە یەکتر نەشارنەوەو پرس بە یەکتر بکەن، خۆشەویستی زیاتریش بۆ یەکتر دەرببڕن، نەك زوو زوو شەڕ بکەن. چارەسەر ئەوەیە کە بەتایبەت کچەکانمان ئەوەیان بۆ روون ببێتەوە کە ئایا ئەو کوڕەی شووی پێدەکەن ئەگەر دڵپیسە ئەوا بە هیچ جۆرێك شوو نەکەن و پرچی سپی بهۆننەوە زۆر باشترە. دڵپیس پێویستە چارەسەری خۆی بکات یان با زەواج نەکات باشترە. تاکی دڵپیس پێویستە بچێتە لای پزیشك و ئەو نەخۆشییەی چارە بکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەتەواوی تووشی ئیفلیجی نەکات. زۆرێك هەن دەڵێن، ئەم دیاردەیە پێی ناوترێ نەخۆشی و شتێکی ئاساییەو ئیتر چارەسەر بۆچی؟ بەڵام بۆ چارەسەری ئەو دڵپیسییەی گرێدراوە بە نەخۆشی پارانۆیا، لەبەرئەوەی رادەی گومانی زۆر بەرزەو بڕوای بە هاوسەرەکەی نییە، پێویستە کە سەردانی پزیشکی دەروونی بکات و دانیشتن و جەلساتی لەگەڵدا بکرێ و دەرمانی تایبەت وەربگرێت.